# زیــکری نــەنکم و پــێکەنینی خــوا



## خوا

شکانی عەصاکەی عیسا
نائومێدیەك بوو بۆ مەسیحیەکان
یاخی بوونی ئادەم
سەرەتایەك بوو بۆ خیانەتی مرۆڤ لە خوا
یاخی بوونی ئیبلیس شکانی شورەی
ترس بوو لەخوا
راوەستانی کاتژمێرە کۆنەکەی باپیرم
نیشانەیەکە بۆ کۆتایی
هاتنی شەو بەخێرایی وەرس بوونی رۆژە لە ئێمە
نازی مانگ بەسەر منی داماودا
سەرەتایەکە بۆ کۆتایی نەهامەتیەکان
زەرد بوونی باخەکانو هەڵوەرینی گوڵ
کۆتاییەکە بۆ بەهار
هاتنی زستانو نەبارینی بەفر
سەرهەڵدانی وەرزێکی نوێیە لە وەرزەکانی ساڵ
ژوانێك لەگەڵ تۆدا سەرەتای کۆتاییەکانە

## زیکر

ئەوسای ترس دایدەگرتین دەبووینە سۆفیەکانی دەستە راستت
هەستمان بە مەلعونی خۆمان دەکرد
تێگەیشتبووم دار مێوەکەمان چەند بۆڵە ترێ دەگرێ

ئەمبینی خالیدی شێت هەموو رۆژێ زیکری خوادی دەکرد
دەپاڕایەوە بە مرازی خۆی بگات
جارێك سەردانی ماڵی ئەو کچە سلێمانیە بکات کە عەشقی بوو
لەراستیشدا وجودی نەبوو
لە قەیرە کچانی گەرەك بە ئیمان تر نەبوو ماندوو بوون لە زیکر
هەمیشە دەپارانەوە بۆ بەختی رەشی خۆیان
نەنکیشم بە داماوی سەرلەبەری هەموو رۆژێك
زیکری خوای دەکرد
کەچی خوام بینی پێی پێدەکەنی

## ژیان

چراکانی ژوورەکەم لەخۆرا کوژانەوە
ئەوشەوە بە بەر دەرگاکەتاندا هاتم
گوێم لە گریانی گوڵی باخەکەتان بوو
بۆ ساویلکەیت دەگریان
ئاسمان تەمێکی گەورەی لێ نیشتبوو
بتهۆڤن بەو شەوە
کۆڵان بە کۆڵان سەمفۆنیاکانی عەزف دەکرد
مارکسم بینی لەژێر دیوارێکدا
سەرمایەیی دەسوتاند
ئەدیسۆن دەگەڕاو ئەو گڵۆپانەی دەشکاند
کە زەوی رووناك دەکردەوە
شەو هەرچی زووترە دەگەڕاو چی رووناکیە لە خاچیدا
هەموو پێکەوە سورەتی پەشیمانیان دەخوێند

زۆرێك نووستبوون
زۆرێك خەریکی گریان و زۆرێکی تریش شایی و پێکەنین
زۆرێکی تریشیان خەریکی یەکتر کوشتن
ئەو شەوە تێگەیشتم یان ئێمە یاخود ژیان
ساویلکەین ... درندەین ... میهرەبانین ... بێمانایین

## مـــاچ

بەرلەوەی دەمم بە بەردی کەعبە بکەوێت
دەبێت بە نێوچاوانی تۆ بکەوێت
بەر لەوەی رومەتە لۆچەکەی دایکم ماچ بکەم
روومەتە ئالەکەی تۆ ماچ دەکەم
بەیانیەك دێمو بەهەموو وزەم ماچ بارانت دەکەم

## مـــەرگ

لە هەموو ئەم بەزمانە تەواو دەبین
لە شیرینی خەوداین لە هەڵپەرکێ
لە جەنگدا لە ماڵی دراوسێ درۆزنەکەمان
لەسەر بەرماڵین لە باوەشی سۆزانییەك لە هەرکوێ بین
مەرگ کۆتایی بە هەموو شتێك دێنێت و گۆدۆش هەر نایەت

ئارام رەمەزان
هاوینی 2005
asalaie@yahoo.com